ژمارەیەک کارمەندی گرەبەستی وەزارەتی کارەبای عێراق دەکرێنە هەمیشەیی

وەزارەتی دارایی عێراق رایدەگەیەنێت، هەر فەرمانبەرێکی گرەبەستی وەزارەتی کارەبا پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت بە هەمیشەیی دادەمەزرێت.

وەزارەتی دارایی عێراق لە ڕۆژی ١٦ی ئێم مانگە نوسراوێکی ئاڕاستەی وەزارەتی کارەبا کردوە و داوایکردووە میلاکی فەرمانبەرانی نوێبکاتەوە و ناوی ئەو فەرمانبەرانەیان بە بنەڕەت کە گرەبەستن و خزمەتی پێنج ساڵیان هەیە بە ئەوەی بە هەمیشەیی دابمەزرێنرێن.

ئاماژەی بۆشکردووە، ناوی ئەو کەسانە لە خشتەیەکدا بنوسرێت لەگەڵ ژمارەی فەرمانی کارگێڕی دامەزراندنیان بەشێوەی گرەبەست و ماوەی گرەبەستەکەی و بەی کرەی ڕۆژانە و دەرماڵە و کەی موچەکانیان بە گشتی دیاری بکرێن.

لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا فەرمانبەرانی گرەبەستی وەزارەتی کارەبا لە بەغداد خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای دامەزراندنی هەمیشەییان کرد کە پەشتر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڵێنیان

پدرا بوو.